پەیامی قیبلە

زنجیرەی
٧

# پەیامی ئاگایی

# ترس و ئومێد



د.عومەر عەلی

٢٠١٨

زنجیرە (٧)

## پەیامی ئاگایی

# ترس و ئومێد

د. عومەر عەلی
٢٠١٨

پەیامی قیبلە

ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

**ناوی کتێب:** ترس و ئومێد، پەیامی ئاگایی

**نوسەر:** عومەر عەلی

**دیزاینی ناوەوەو بەرگ:** توانا ئەحمەد

**چاپخانە:**

**تیراژ:**

**نرخ:**

**ژمارە (      )ی ساڵی (      )ی**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە**

بسم الله الرحمن الرحيم

## بەرکوڵ:

لەهەرجێگەیەکی ئەم دونیایەدا بژین و لە ژێر سایەی هەر دین و ئایدۆلۆژیایەکدا بین، دەبێت کۆمەڵێك کار هەیە پابەند بین پێوەی، گەرنا توشی سزای یاسایی دەبین گەر بێت و پابەند نەبین پێوەی و پشتگوێی بخەین و لێی لا بدەین، ئیتر ئەو جێگەی لێی دەژین یاسایەکی ئیسلامی بێت وەیان بە پێچەوانەوە، هەتا ئەو کەسانەش کە لە شاخەکان دەژین و ماڵیش نەبوون هەر یاساو ڕێسای خۆیان هەیەو سەرپێچکەرانی توشی سزا دەبنەوە، بۆ پەیڕەوی کردنی ئەو یاسایانەی لەسەر ئەرزدا هەیە دەبینین کۆمەڵێك ڕێگە دەگیرێتەبەرو خەڵکانی لێ ئاگادار دەکەن لە ڕێگەی جیاوازەوە، خەڵکانیش دەبێت مێشکی خۆیانی بۆ بکەنەوەو لێی تێ بگەن چونکە لە کردنی کارێکی نایاسایدا زۆرجار نازانم ناخوات و سزامان بەسەردا دەسەپێنرێت، بە هاوڵاتیان دەوترێت چی چاکەو چی خراپە ئەگەر کەسێك کاری یاسایی

بـكات بێـوەی و سـەلامەت دەژی و توشـی سـزاش نابێـت، کـەوا بـوو بـۆ ئـەم مەبەسـتە دوو ڕێگـەی گرنـگ دەخرێتـە بـەردەم هاوڵاتیـان یەکـەم سـەلامەتی و خۆشـگوزەرانی گـەر بێـت و سـەرپێچیان نەکـرد وە دووهـەم سـزا بـۆ نەکەرانـی تاوانبـاران، ئـەو ڕێگەیانـە لـە دینـی خـوای گـەورەدا هاتـووەو فێرمـان دەکات کـە لـە دونیـادا چـی بکەیـن و چـی نەکەیـن وە ئەمەلـی خۆشگوزەرانیشـی پیداویـن و گـەر سـەرپێچیمان نەکـرد وە دەشـمان ترسـێنێ گـەر بێـت و سـەرپێچیمان کـرد، کەواتـە بـە کورتـی و بـە کـوردی ڕێنمونیـە دینیـەکان لـە دوو شـت بـەدەر نـی یـە:

یەکەم: ترسان لە خوای گەورە.

دووهەم: ئومێد بەخشین.

هـەردوو کارەکـە گرنگیەکـی یەکجـاری لەسـەر ژیانـی ئادەمیـزاددا هەیـەو بەهۆیانـەوە کارەکان ڕێـك دەخرێـت، چونکـە سروشـتی مرۆڤـەکان وەهایـە زۆرجـار تـا نەترسـێت لـە کارەکـە ناگەڕێتـەوە جـا ئیـتر ترسـەکە بـە کوشـتن بێـت وەیـان بـە زیندانـی بێـت وەیـان بـە غەرامەکردن بێـت ...هتـد، بـۆ نمونـە لـە بەریتانیـا دەوترێـت ئەگـەر کەسـێك موبایلێـك بدزێـت ٤ سـاڵ زینـدان دەکریـت، وەگـەر ترسـی زیندانیەکـە نەبێـت کەسـانێك هـەن بەلایانـەوە زۆر ئاسـاییە بـەردەوام خەریکـی دزی کـردن بـن، لـە ئیسـلامدا ئەگـەر کەسـێك دزی بـکات دەسـتی دەبڕێـت وەگـەر لـە ترسـی دەسـتبڕینەکە نەبێـت ئـەوا مـاڵ و سـامانی خەڵکـی دەکەوێتـە خەتـەرەوەو هەرکـەس بۆخـۆی دزی دەکات، بـەڵام لـە ترسـی ئـەو سـزا دەبینـی خەڵـك ناوێرێـت دزی بـکات چونکـە گومانـی لـەوە نـی یـە کـە دزی کـرد وەك وایـە خـۆی دەسـتی خـۆی ببڕێـت، ئـەوکات دەبینـی بەهـۆی ئـەو ترسـەوە دزی نـاکات وە لەبەرانبـەر ئەوەشـدا توشـی نـە سـزای دونیـای دەبێـت وە بەهەشـتیش مسـۆگەر دەکات

کـە کەسـێکی دەسـتپاکە، وە ماڵـی خەڵکیـش سـەلامەت دەبێـت، هەشـە چـاو قایمـەو گوێـی لـە ترسـی دونیـای نـی یـەو فێـڵ و فـڕی زۆرە دەڵـی بـە جۆرێـك خراپـە دەکـەم کـەس پێـم نەزانـێ بـەڵام ئـەوە لای مەعلومـە کـە ئەگـەر لـە دونیاشـدا پێیـان نەزانـی ئـەوە لـە دوارِۆژدا سـزاکەی گەورەتـرە، هـەر بۆیـە زۆرێـك لـەو کەسانەی کـە لـە حکوومەتـە یـەك لـە دوای یەکەکانـی ئیسـلامیدا کاتێـك خراپەیەکیـان دەکـردوو کـەس پێـی نەدەزانیـن لەترسـی سـزای دوا ڕِۆژ دەچـوون بـۆلای دەسـتەڵاتداران و خۆیـان کارەکـەی خۆیـان کەشـف دەکـرد چونکـە ئـەوە لـە ناخیانـدا چەسـپیوە کـە ئەگـەر لـەم دونیـا بەسـەرتا چـوو لـە دوارِۆژدا بەسـەرتا ناچێـت، سـزای دونیـای لـە ئاخیـرەت باشـترە، هـەر بۆیـە ئـەو ئافرەتـەی کـە زینـای کـرد لەسـەردەمی پێغەمبـەردا درودی خـوای لـێ بێـت خـۆی بـە قاچـی خـۆی ڕۆشـت بـۆلای پێغەمبـەروو پێـی ووت ئـەی پێغەمبـەری خـوای زینـام کـردووە، پێغەمبەریـش درودی خـوای لـێ بێـت پێـی فەرمـوو لەوانەیـە ماچـت کردبێـت، ئەویـش ووتـی نەخیـر زینـام کـردووە وە هەتـا لـەو زینایـەش دووگیـان بـووم وە دەەمەوێـت ڕەجمـم بکـەن بـۆ ئـەوەی لـە تاوانەکـەم پـاك ببمـەوە، پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت پێـی فەرمـوو دەبـڕۆرەوە تـا حەملەکـەت دادەنێیـت، چونکـە ناتوانـن ڕەجمـی بکـەن و منداڵێکـی بـێ تـاوان لـە سـکیدا بکـوژن، دواتـر ئافرەتەکـە ڕۆشـتەوە، کاتێـك کـە منداڵەکـەی بـوو هاتـەوە بـۆلای پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت و پێـی فەرمـوو ئـەوە منداڵەکـەم بـوو دەی ئیـتر ڕەجمـم کـەن، پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت پێـی فەرمـوو بـڕۆرەوە منداڵەکـەت گـەورە بکـە تـا وای لـێ بێـت پێویسـتی بـە شـیری تـۆ نەمێنێـت و خـۆی بتوانێـت نـان بخـوا چونکـە ئـەو منداڵـە مافـی لەسـەر دایکـی هەیـە، ئافرەتەکـە ڕۆشـتەوەو کاتێـك هاتـەوە نانێکـی ڕەقـی دابـوو بەدەسـت

منداڵەکـەوەو منداڵەکـەش دەیخـوارد وە نیشـانی پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت داو ووتـی ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئەوەتـا مناڵەکـە نانـی ڕەق دەخـوا ئەوسـا پێغەمبـەر ئەمـری کـرد کـە ڕەجمـی بکـەن، خـۆ پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت مەوعیـدی لـە ئافرەتەکـە وەرنەگـرت، ناونیشانیشـی لـێ وەرنەگـرت کەسـێکی نەکـرد بـە حـەرەس بەسـەریەوە نەیکـردە زینـدان تاکاتـی ڕەجـم کردنەکـەی خـۆی بـە قاچـی خـۆی هەمـوو جارێـك دەهاتـەوە بـۆلای، هەتـا پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت لەسـەرەتاوە پێـی فەرمـوو لەوانەیـە ماچـت کردبێـت بـۆ ئـەوەی ئەگـەر دوودڵیەکـی هەیـە پەشـیمان ببێتـەوە بـەڵام ترسـی ئاگـری دۆزەخ وای لـەو ئافرەتـە دەکـرد کـە ئەوەنـدە پێداگـر بێـت و خـۆی هەمـوو جارێـك بـۆلای پێغەمبـەر بگەڕێتـەوە.

ئازیزانـی مـن بـا ئێمـەش ترسـی خـوای پـەروەردگار بکەیـن بـە بنەمایـەك بـۆ سـەرکەوتنمان لـە کارەکانمانـدا، وە بـا ئەمەلـی خۆشـی ژیانـی دونیـاو بەهەشـتی پـان و بەرینـی بکەینـە هاندەرێـك لـە خۆمـان بـە دوور بگریـن لـە خراپـەکاری.

ئـەم دونیـا لـە ژێـر دەسـتی پێغەمبەرانـدا چـاك دەکـراو وە هـەردوو ئومێـدی خۆشـی و وە ترسـمان بـۆ ڕوونکراوەتـەوە کـە خراپـەکاری نەکەیـن وەك خـوای گـەورە دەفەرمـوێ:

(وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا ۚ إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ) ٥٦ الاعراف

(خەڵکینـە) فەسـاد و گونـاه و تـاوان ئەنجـام مـەدەن لـە زەویـدا دوای ئـەوەی چاکەکاریـی ڕەنگـی گرتـووەو (خەڵکـی خەریکـن خـووی پێـوە دەگـرن)، بـەردەوام هانـاو هـاوار بـۆ خـوا بـەرن لـە ترسـی سـزای دۆزەخ و بەئومێـدی بەدەسـتهێنانی بەهەشـت، بەڕاسـتی ڕەحمەتـی خـوا نزیکـە لـە چاکـەکاران

و چاکەخوازانــەوە.
[تَتَجَـافَىٰ جُنُوبُهُـمْ عَـنِ الْمَضَاجِـعِ يَدْعُـونَ رَبَّهُـمْ خَوْفًـا وَطَمَعًـا وَمِـمَّا رَزَقْنَاهُـمْ يُنْفِقُـونَ] السجدة ١٦
(ئــەو ئیمانــدارە بەختەوەرانــە) نێوانیــان خــۆش نیــە لەگــەڵ ڕاکشــان لــە جێگــەو ڕێگــەو ڕێگــەی گــەرم و نەرمــا (واتــە بەنوێــژو خواپەرســتی بەشــێکی شــەو دەبەنــە ســەر)، هەمیشــە نــزاو پاڕانەوەیــان ڕوو بــە پەروەردگاریانــە لــە خەشــم و قیــن و دۆزەخــی دەترســن، ئاواتــی ڕەزامەنــدی و بەهەشــتیان هەیــە و لــەو ڕزق و ڕۆزی و توانایــی و زانیاریــەی پێــمان بەخشــیوون دەبەخشــن.
] الَّذِي يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنشِئُ السَّحَابَ الثِّقَالَ[
الرعد ١٢
خــوا ئــەو زاتەیــە کــە هــەورە بروســکەتان نیشــان دەدات، هــاوڕێ لەگــەڵ ترســدا (بەهــۆی ڕووناکــی بەهێــزو دەنگــی ســامناکی، کــە دەوریــان هەیــە لــە بەپێــز کردنــی خاکــی زەوی و تەقاندنــەوەی تۆوەکانــدا) هەروەهــا ئومێــد و هیــوا بەخشیشــە (بــە ســاڵێکی پــڕ بەرەکــەت)، هــەر ئــەو زاتــە هــەوری قــورس و ســەنگین و ئــاودار بــەدی دەهێنێــت.
ڕێنمونــی کردنــی ئاینــی پیــرۆزی ئیســلام گشــتگیرو بەرفراوانــە بــۆ چۆنێتــی کارەکانمــان لــە دونیــاداو وە بەســتنەوەی بــە خۆشــبەختی هــەردوو دونیــاوە، چونکــە لەســەرەنجامی وەرگرتنــی ئــەو ڕێنمویانەیــە کــە دەبێتــە مایــەی ئــەوەی توشــی کێشــە نەبیــن لــە دونیــاداو وە هــەر ئەوەشــە کــە دەبێتــە مایــەی ئــەوەی ســەرکەوتنی خــوای بەدەســت بهێنیــن.
ئەگــەر ترســی خــوای پــەروەردگار لــە ناخمانــدا بچێنیــن ئــەوکات فێــڵ و فــرت ناکەیــن بــۆ چــل پەنجــا پاوەنــدی دونیایــی بــا حکوومەتیــش نەزانــێ و پارەکــە خۆشــی بێتــە ســەر حســابیەکەمان، کۆمەڵێــك دیــاردە هەیــە بەڕاســتی زۆر

قێزەونـن و هیـچ بنەمایەکـی شـەرعیان نـی یـە بـا خۆمـان نەبینـە قـازی بەسـەر خۆمانـەوەو ئینشورانسـی سـەیارەت هەیـە بـە درۆوە دەعـام مەکـە، هیچـت پـێ نەهاتـووە بـە درۆوە خـۆت مەکـە مـردوو بـۆ ١٠٠٠ پاوەنـدی دونیـای بـا کۆمپانیاکـەش نەزانێـت پێـت و پارەکـەش وەرگریـت بـەڵام وەڵامـت چـی یـە لای خـوای پـەروەردگار کـە بـە پـارەی حـەرام ژیـان بەسـەر دەبەیـت، لـە خواترسـان فێـری فێـڵ و فـڕو دزی جـۆراو جۆرمـان نـاکات، دوو سـێ خانـوو بـۆ خـۆت و خێـزان و منداڵەکانـت وەرمەگـرە لـە یەکێکیـان دابنیشـیت و ئەوانـی تـر بدەیـت بـە کـرێ، ژنەکانتـان تـڵاق مـەدەن بـە درۆوە لای حکوومـەت بـۆ هەندێـك دەسـکەوتی دونیـای، هـەر یەکێـك لـە ئێمـە کـە هاتووینەتـە ئـەم وولاتـە وولاتەکـە نەهاتـووە بەشـوێنمانداو لەبەرخاتـری ئـەوان هاتبیـن، کەوابـوو ئـەو قسـەو قسـەلۆکانە بیانـوو نیـن بـۆ کردنـی کاری خراپـەو فێـڵ و فـڕو بەنـك بڕیـن، هـەر کـەس سـەیارەی هەبێـت ئەبێـت پـارەی زەمانـەت بـدات ئـەوە بـۆ هەمـوو کەسـێکە بەبـێ جیـاوازی ئیـتر بـۆ دەیکەیـت بـە منـەت بەسـەر کۆمپانیاکـەوەو بیانـوو بـۆ خـۆت دەدۆزیتـەوە بـۆ ئـەوەی دزی بکەیـت، بـۆ دەیکەیـت بـە بیانـوو بـۆ ئـەوەی پـارەی حـەرام بەدەسـت بهێنـێ، ئازیزەکانـم خواردنـی حـەرام مەخـۆن بـە بیانـووی هەرزانـی و نەبوونـی ئەگـەر لـە خـوا دەترسـن مەهێڵـن خواردنـی حـەرام بچێتـە گیانتانـەوە، بەیانیـان نوێژەکانتـان لەدەسـت مـەدەن بـە بیانـووی نارەحەتـی مـن سـوێندتان دەدەم بـە خـوای گـەورە ئەگـەر هـەر یەکێـك لـە ئێـوە مەوعیـدی تەیـارەی هەبـوو لـە مەتـار کـەی دەڕوات؟ ئەگـەر یەکێـك مەوعیـدی جـۆب سـەنتەری هەبـوو کـەی دەڕوات؟ ئەگـەر کەسـێك سـبەینان زوو کارەکـەی دەسـت پـێ بـکات کـەی دەڕوات؟ بێگومـان پێـش وەخـت ئامادەباشـی بـۆ دەکـەن و پێـش وەخـت دەڕۆن، ئـەی مەوعیـدی

خـوای گرنگـە یـان مەوعیـدی دونیـای؟! زۆرکـەس گلـەی دەکات و دەڵـێ نوێـژی بەیانیـان نارەحەتـە ناتوانـم بیکـەم لـە کاتێکـدا هەمـوو چەنـد دەقیقەیـەك کاتمـان لـێ دەگرێـت، بـەڵام زۆرکـەس لـە ئێمـە زۆرجـار کارمـان کـردووە لـەم وولاتـەدا پێـش نوێـژی بەیانـی دەسـتی پـێ کـردووەو بـەردەوام تـا خۆرکەوتنیـش برێکیشـی تێـدا نەبـووە، بەرێزەکانـی ئێمـە بـا ئێمـە واقعـی بیـن و فرۆفێڵـی شـەیتان لـە خـوا ترسـانمان لەبیـر نەباتـەوە بـا ئـەو خۆشـی و نازونیعمەتانـەی دوا ڕۆژمـان لەبیـر نەباتـەوە، ئێمـە لـە هەمـوو هەینیەکانـدا لەسـەرەتای ووتارەکـەدا یەکـەم ئایـەت کـە دەیخوێنینـەوە لـە کۆتایەکـەیدا دەفەرمـوێ إِنَّ اللَّـهَ كَانَ عَلَيْكُـمْ رَقِيبًـا ، خـوای گـەورە چاودێـرە بەسـەرمانەوە، بـۆ لـە کامێـرەی دونیـای دەترسـین لەبـەر سـێ پۆینـت و ٦٠ پاوەنـد بـۆ لـە کامێـرەی خـوای نەترسـین، بەرێـزان بەخـوا هەمـوو ئـەم خۆشـی و لەزەتـەی دونیـا هەمـووی دەڕوات و ڕۆژێـك دێـت بەرانبـەر خـوای گـەورە دەبینـەوەو پێنـس بـە پێنـس حسـابمان لەگەڵـدا دەکات وەڵامـت چـی یـە بـۆ ئـەو پارانـەی کـە بـە فـرت و فێـڵ و درۆ بەدەسـتت هێنـاوە؟ وەڵامـت چـی یـە بـۆ ئـەوەی نوێـژی بەیانیـت لەدەسـت دەدەیـت و یـەك دەقـە لـە کارەکـەت داواناکەویـت؟ وەڵامـت چـی یـە بـۆ ئـەوەی لـە غرامـەی دونیـای دەترسـیت و گوێـت لـە غرامـەی خـوای نـی یـە؟ بـا ئـەو دوو خەسـڵەتە لـە ژیانـی خۆمانـدا پیـادە بکەیـت کـە لـە ئایەتەکانـدا بۆمـان دەرکـەوت کـە ترسـانە لـە خـوای گـەورەو ئومێـدە پێـی، وە ئەوسـا سـەراپای ژیانمـان لـە دونیـادا خـۆش دەبێـت و لـە دوارۆژیشـدا براوەیـن.

# نیشانەکانی ترسان لە خوای گەورە

١-نیشـانەی لـە خواترسـان ئەوەیـە کـە گوێڕایەڵـی بکەیـن و کارەکانمـان هاوتـای بەرنامەکـەی بێـت.
لـە خواترسـان هـەر ئـەوە نـی یـە بـەدەم بووترێـت لـە خـوا دەترسـم و شـەو لـە بارەکانـدا بکەیتـەوەو لەگـەڵ گێـڵ فرێنـدا بژیـت.
٢-لـە خـوا ترسـان ئەوەیـە لەبەرخـوای گـەورە بگریـن بـۆ ئـەو تاوانانـەی تـا ئێسـتە کردوومانـن و پەشـیمان ببینـەوە لێیـان.
٣-لـە خواترسـان و ئومێـد بـوون پێـی ئەوەیـە بـە گـوڕو تینـەوە گوێڕایەڵـی قورئانەکـەی بیـن،
عەبدوڵای کـوڕی موبـارەك دەفەرمـوێ: لـو أن رجـلا وقـف علـى بـاب المسـجد ونـادى ليخـرج شر النـاس لمـا سـبقني إليـه إلا رجـل أوتي أكـثر منـي قـوة أو سـمعا ئایـە ئەمـە بەڵگەیەکـی بـاش نـی یـە بۆئێمـە کـە بیانـوو بـۆ چاکـی و پاکـی خۆمـان بهێنینـەوە.
ئازیزەکانـم دەزانـی بۆچـی سـەحابی پێغەمبـەرو پیاوچاکانـی پێـش ئێمـە ئەوەنـدە لـە خواترسـاون و ئومێدیـان پێـی هەبـووە لەبـەر چەنـد هۆیـەك.
١-ناسـینی خـوای گـەورە بـە ناسـینێك کـە شـایەنی خـۆی بێـت، ئیـبن قەیـم ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـوی (مـن عـرف ربـه أحبـه) ئـەوەی خـوای گـەورە بناسـێت خۆشـی دەوێـت.
٢-خۆشەویسـتی خـوای گـەورە، زۆرجـار کەسـانێك تـرس کاریـان لـێ نـاکات بـەڵام خۆشەویسـتی کاریگـەری لەسـەری دەبێـت و دەبێتـە هـۆی دوورکەوتنـەوەی لـە خراپـەو خراپەکاری، جـا ئێمـە وەك چـۆن لـە خـوا دەترسـین دەبێـت خۆشیشـمان بوێـت، بـە پێچەوانـەی شـتەکانی دونیـاوە

کاتێـك لـە شـتێك دەترسـین دوور دەکەوینـەوە لێـی و ڕقـمان لێـی دەبێـت بـەڵام خۆشەویسـتی خـوای گـەورەو ترسـان لێـی دەبێـت نزیکـمان بکاتـەوە لێـی. یانـی هەتـا لێـی بترسـیت دەبێـت زیاتـر لێـی نزیـك ببیتـەوە، هەتـا خۆشیشـت بوێـت هـەر دەبێـت لێـی نزیـك ببێتـەوە.

٣-ناسـینی خـوای گـەورەو بەشـێوەیەکی یەقیـن وەك چـۆن پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت بـە هاوڕێیەکـی فەرمـوو [ کیـف أصبحـت؟ فیقـول: أصبحـت مؤمنـا حقـا، فیقـول المصطفـی ومـا حقیحـة امانـك: فیقـول أصبحـت أری عـرش ربي بـارزا، و أصبحـت أری أهـل الجنـة وهـم یتـزاورون، وأهـل النـار وهـم یتعـاوون فقـال صلـی للـه علیـه وسـلم: عرفـت فالـزم]

ئـەوە ناسـینی خـوای گـەورەو دەسـتەڵاتیەتی ئێمـە زۆرجـار بـاس لـە بەرنامـەی خـواو چۆنێتـی کارمـان و سـزاو پاداشـتی دواڕۆژ دەکەیـن زۆرکـەس وەك خەیاڵێـك بـۆی دەڕوانـێ وا دەزانـێ ئەمـە خەونـە نـەك حەقیقـەت. لـە خواترسـان و ئومێـد بـوون پێـی سـودێکی یەکجـاری هەیـە لـە دونیـاو دواڕۆژیشـدا لـەو سـودانەی کـە لـە دونیـادا هەیەتـی.

١-زیاتر دامەزراومان دەکات لەسەر زەویدا.

٢-وامـان لـێ دەکات کـردەوەی چاکـە زیاتـر بکەیـن بەبـێ منـەت خسـتنە سـەر بەرانبـەر وەك خـوای گـەورە دەفەرمـوێ [إِنَّمَـا نُطْعِمُکُـمْ لِوَجْـهِ اللَّـهِ لَا نُرِیـدُ مِنْکُـمْ جَـزَاءً وَلَا شُـکُورًا* إِنَّـا نَخَـافُ مِـنْ رَبِّنَـا یَوْمًـا عَبُوسًـا قَمْطَرِیـرًا] الانسـان ٩-١٠

# ترسان لە خوای گەورەو
# بەرهەمەکانی لە ڕۆژی دوایدا

١-هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی لـە ژێـر سـێبەری عەرشـی خـوای پـەروەردگاردا حـەشر بکرێیـن.
٢-ترسان لە خوای گەورە هۆکارێکە بۆ لێخۆشبوونی خوای گەورە.
٣-ترسان لە خوای گەورە ڕێگەیەکە بۆ بەهەشت.
٤-ترسـان لـە خـوای گـەورە لـە دونیـادا دەبێتـە هـۆی نەترسـانی لـە ڕۆژی دوایـدا، چونکـە دووتـرس لـە یـەك کاتـدا کـۆ نابێتـەوە، ئەگـەر لـە دونیـادا لێـی بترسـیت لـە دوا ڕۆژدا لێـی ناترسـیت چونکـە بەختەوەریـت بـەڵام ئەگـەر لـە دونیـادا لێـی نەترسـابیت ئـەوا لـە دواڕۆژدا لێـی دەترسـیت و باجەکـەی دەبێـت بدەیـت.
٥-ترسان لە خوای گەورە هۆکارێکە بۆ بە دوورکەوتنەوەمان لە خراپە.
داواکارم لە خوای گەورە خۆشەویستی خۆی بخاتە دڵمانەوە.
خوایە گیان ترسی خۆتمان لە دڵدا زیاتر بچێنت.
خوایەگیـان بیکەیـت بـە مایـەی بـە دوورکەوتنەوەمـان لـە خراپـەو خراپـەکاری.

# پێڕست

بەرکوڵ-------------------------------------------------------------------٣
یەکەم: ترسان لە خوای گەورە-------------------------------------------٤
دووهەم: ئومێد بەخشین------------------------------------------------٤
نیشانەکانی ترسان لە خوای گەورە----------------------------------١٠
ترسان لە خوای گەورەو بەرهەمەکانی لە ڕۆژی دوایدا-----------------١٢

لەهەرجێگەیەکی ئەم دونیایەدا بژین و لە ژێر سایەی هەر دین و ئایدۆلۆژیایەکدا بین، دەبێت کۆمەڵێك کار هەیە پابەند بین پێوەی، گەرنا توشی سزای یاسایی دەبین گەر بێت و پابەند نەبین پێوەی و پشتگوێی بخەین و لێی لا بدەین، ئیتر ئەو جێگەی لێی دەژین یاسایەکی ئیسلامی بێت وەیان بە پێچەوانەوە، هەتا ئەو کەسانەش کە لە شاخەکان دەژین و ماڵیش نەبوون هەر یاساو ڕێسای خۆیان هەیەو سەرپێچکەرانی توشی سزا دەبنەوە

## پەیامی ئاگایی

# ترس و ئومێد



د.عومەر عەلی
٢٠١٨

ISBN 978-168454167-6